هەسەد کۆمەک ناوچە و گەڕەکی شاری حەلەبی کۆنترۆکرد

هێزەکانی سەربە هەسەد لەدوای کشانەوەی سوپای سووریا و فیرقەی چوارەم لە گەڕەکەکانی شاری حەلەب لە باکووری سووریا و خاڵەکانی پشکنینی نێوان شەهبا و حەلەب و خاڵەکانی پشکنینی گەڕەکی ئەشرەفیەی گرتە دەست، لەئێستادا هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد) لەو ناوچانە بەاوێیان پێکراوە دوای کشانەوەی سوپای سووریا.

هێزەکانی سووریای دیموکرات دوای کشانەوەی هێزەکانی ژەمی سووریا بەرەو مسکینا لە ڕۆژهەڵاتی شاری حەلەب بەرەو شارچکەکانی تەل حلفر و تەل عەرن و تەل حاسیل و گوندەکانی دیکەی شارچکەکانی ڕۆژهەڵاتی حەلەب پێشڕەویان کرد و ئەو ناوچانەیان گرتە دەست.

لەلایەکی ترەوە، هێزەکانی تورکیا فەرمانیان بە سەرکردایەتی گرووپە چەکدارەکانیان داوە لە سووریا کە هێزی سەربازی و پاڵپشتی لۆجستی بنەرەتیان لە چەکی قورس و زرێپۆش و ئۆتۆمبێل و ڕەشاشی قورس و سەدان سەرباز بێ حەلەب، لایەنەکانی سەربە تورکیا تانکی سەربازییان لە ناوچەی کەلەسەوە بەرەو خاڵەکانی تەل ڕیفعت گواستەوە

زانیاری زیاتر...

ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سووریا هێرشی کردەسەر شارەکانی حەلەب و ئیدلب لەباکووری سووریا و دەستیان بەسەر کەلەژی سەربازی و کەلەژی تێپخانە لە گۆڕەکی زهرا لە شاری حەلەب گرتووە، پاش ئەوەی دەستیان بەسەر تەواوی گوندەکانی ڕۆژئاوای شاری حەلەبدا لە باکووری سووریا گرت و هێزەها دەستیان بەسەر شاری سەراقب دا گرت کە لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگێ لە دوای شۆڕەکی سەخت لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی سووریا و هاوپەیمانەکانیان، دواجار ئەمڕۆ شەممە زەرینەی شاری حەلەبی کۆنترۆڵکرد.

ئۆپۆزسیۆنی سووریا دەڵێت: هێزەکانیان دەستیان بەسەر بارەگای پۆلیس لە حەلەب و بینای پارێزگا و کۆشکی شارەوانی و گۆڕەپانی سەرەکی ناوەڕاستی شار و 14 گۆڕەکی نیشتەجێبوون لە ڕۆژئاوا و باشوور و ناوەڕاستی شارکە گرتووە.

ئۆپۆزسیۆنی سووریا ڕایگەیاند، "لەماوەی چەند کاتژمێرەکدا حەلەب لە ڕووی سەربازی و ئەمنی پارێزراو دەبێت و دواتر شارکە بەتەواوی لەدەست ڕژێمی سووریا و بشار ئەسەد ئازاد دەکرێت".

لەلایەکی ترەوە، وتەبێژی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەد)، فەرهاد شامی دوێنێ هەینی لە لەدوانێکیدا لەگەڵ کەناڵی ڕووناهی گوتوویەتی: بڕێی چاودێری دەخی حەلەب دەکەین، ئێم هێرشانە و تووندوتیژیی حەلەب لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت.

فەرهاد شامی لەبارەی هەڵوێستی هەسەدە لەو تووندوتیژیانە وتی: ئێرکی ئەمە پاراستنی گەل و خاکەکەمانە و لەکاتی پێویستدا هەڵوێستمان دەبێت و وەڵام دەدەینەوە.

لەسەر ئەم ڕووداوانە، وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: پاراستنی سەقامگیری لە ئیدلب و ناوچە سنوورەکانمان، وەک ئەوڵەوێتێک بە تورکیا دەمێنێتەوە.

دواجار ئەمڕۆ شەممە 30ـی تشرینی دووەمی 2024، ڕوانگەی سووری بە مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، کە چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا (ئەحرار ئەلشام - جولانی) کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێت زیاتر لەنیوەی حەلەبی گرتووە و سوپای سووریا لە تەواوی شارەکە کشاوەتەوە.